# لەپێناو جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی باوکی خۆی دەکوژێت

**پیاوێکی تەمەن ٧٠ ساڵ کاتێك لە باخەکەی خۆیدا لە گوندەکەیان سەرقاڵی کاروباری باخەکەی بوو، کوڕەکەی لە دووریی چەند مەترێك بێ ئەوەی باوکی ئاگای لێ بێت، بە قەناس تەقەی لێ کرد و کوشتی. بەڕێوەبەری پۆلیسی زاخۆ لەو بارەیەوە دەڵێت: «نازانین هۆکاری کوشتنی باوکی چی بووە، بەڵام ناوی بکوژەکەمان داوەتە هەموو فرۆکەخانەکان و پۆلیسی شارەکان، دەزانین تا ئێستا لە کوردستانە و بە زووترین کات دەستگیری دەکەین.»**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ڕۆژی ٨ی ئەیلوولی ٢٠١٩ (م. ح) تەمەن ٧٠ ساڵ لە باخەکەی خۆیدا لە گوندەکەیان لە سنووری زاخۆی سەر بە پارێزگای دهۆك، کاتێك سەرقاڵی کاروباری باخەکەی بوو، کوڕەکەی لە دووریی چەند مەترێك بێ ئەوەی باوکی ئاگای لێ بێت، بە قەناس تەقەی لێ کرد و کوشتی

عەمید سەعدی عومەر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزای زاخۆ لەبارەی ڕووداوەکە ڕایگەیاند دوای ئەوەی لە ڕووداوێکی کوشتن لە گوندی خێلەخێی سەر بە قەزای زاخۆ ئاگادارکراینەوە، هێزەکانی پۆلیس چوون بۆ گوندەکە و تەرمەکەیان بۆ پشکنین ڕەوانەی نەخۆشخانەی زاخۆ کرد، دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت ئەو پیاوە لەلایەن کوڕەکەی خۆیەوە کوژراوە، تاوانبارەکە لە شوێنی ڕووداوەکە ڕایکردووە و تا ئێستا نەمانتوانیوە دەستگیری بکەین. تاوانبارەکە وڵاتینامەی ئەڵمانی هەیە، نازانین هۆکاری کوشتنی باوکی چی بووە، بەڵام ناوی بکوژەکەمان داوەتە هەموو فرۆکەخانەکان و پۆلیسی شارەکان، دەزانین تا ئێستا لە کوردستانە و بە زووترین کات دەستگیری دەکەین».

بەپێی وتەی کەسوکاری کوژراوەکە دەرکەوتووە کە ماوەی چەند ساڵێکە کێشە کەوتووەتە نێوان باوك و کوڕەوە، هۆکاری ئەو کێشەیەش کوڕەکە بووە.

بەپێی زانیارییەکان (س.م) تەمەنی ٣٧ ساڵە و باوکی پێنج منداڵە و هاوژینەکەی لەگەڵ خۆی بۆ ئەڵمانیا نەبردووە، خۆی ماوە ماوە دەهاتەوە زاخۆ، چەند مانگێك لای هاوسەر و منداڵەکانی دەمایەوە و دەگەڕایەوە. چەند ساڵێك پێش ئێستا بە باوکی گوتووە، ژنەکەم تەڵاق دەدەم، باوکیشی زۆر تووڕە بووە و نەیهێشتووە تەڵاقی بدات. کێشەی ئەو باوك و کوڕە لەو کاتەوە دەستی پێ کردووە.

باوکەکە بە کوڕەکەی گوتبوو ئەگەر دەتەوێت ژنێکی دیکە لە ئەڵمانیا بهێنە، بەڵام نابێت دایکی ئەو پێنج منداڵە تەڵاق بدەیت، ئەو ئافرەتە هیچ گوناهێکی نییە و هیچ هەڵەیەکی بەرامبەرت نەکردووە، بۆ کوێ بچێت بە پێنج منداڵەوە.

دواجار ساڵی ٢٠١٧ بێ ئەوەی باوکی و کەسوکاری ئاگادار بن، تەڵاقنامەی بۆ هاوسەرەکەی ناردووە. دوای ساڵێك لە دادگا لە هاوسەرەکەی جیابووەوە، باوکیشی بۆ ئەوەی منداڵەکان و دایکیان بێ شوێن نەبن، خانوویەکی بۆ گرتن و چاوی لێیان بوو، بۆ ئەوەی پێویستیان بە هیچ کەسێك نەبێت.

چالاکی مافناس عیماد ئەحمەد، لە بارەی ئەو تاوانەوە دەڵێت: «هاوسەرەکەی غەدر و تاوانێکی گەورەی بەرامبەر ئەو ئافرەتە کردووە کە چەندین ساڵە هاوسەری بووە و لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵی بووە و لە غیابی ئەودا دایکایەتی و بگرە باوکایەتیشی بۆ منداڵەکان کردووە، کە چەند ساڵە دوور لەسۆز و خۆشەویستی باوکیان بەخێوی کردن و پەروەردەی کردوون. سەبارەت بە مافەکانی ئەو ئافرەتە کە خاوەنی کۆمەڵێك منداڵە و ئەرکی بەخێوکردنیان کە لە ئەستۆی ئەودایە، بۆیە دەکرێت ئەو ئافرەتە لە

سەرچاوەیەك:

**بێ ئەوەی کەسوکاری ئاگادار بن، تەڵاقنامەی بۆ هاوسەرەکەی ناردووە. دوای ساڵێک لە دادگا لە هاوسەرەکەی جیابووەوە، باوکیشی بۆ ئەوەی منداڵەکان و دایکیان بێ شوێن نەبن، خانوویەکی بۆ گرتن و چاوی لێیان بووە**



ڕێگای بەرزکردنەوەی داواکارییەك بۆ دادگای باری کەسیی ئەو شوێنەی کە تیایدا دەژی، بۆ ئەوەی داوای مافەکانی وەك مارەیی و بژێوی مانگانەی منداڵەکان بکات، بۆ ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئێستای بگونجێت و پێداویستییەکانی ژیانی خۆی و منداڵەکانی پێ پڕ بکەنەوە، ئەمەش دوای ئەوەی دادگای باری کەسی ڕۆژی دادبینییان بۆ دیاری دەکات لە ڕێگای کەسێك کە بە خەبیر دەنێردرێت بۆ سەیر کردنی منداڵەکان بارودۆخی ژیانیان بۆ ئەوەی بڕی بژێوی مانگانەیان بۆ دیاری بکات تاکو پێداویستەکانیان پڕ بکەنەوە و بەشی بژێوییان بکات، وەك پارەی خوێندن و نەخۆشی و جلوبەرگ چەندان شتی دی. هەروەها دەکرێت ئەو ئافرەتە داوای مانەوەی لە شوێنی نیشتەجێبوونی بکات، ئەگەر هاتوو پیاوەکە خاوەنی ئەو موڵکە بوو، ئەوا دەکرێت دادگا بڕیار بدات بە مانەوەی ئافرەتەکە لەگەڵ منداڵەکانی لەناو ئەو خانووە بۆ ماوەی سێ ساڵ کە یاسا بۆی دیاری کردووە.»

دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان ئامارێکی تایبەت بە ڕێژەی هاوسەرگیری و جیابوونەوەی ساڵانی ٢٠١٧ و ٢٠١٨ی بڵاوکردەوە و بە گوێرەی ئامارەکە ڕێژەی جیابوونەوە لە پارێزگاکانی هەرێم زیادی کردووە.

بە گوێرەی ئەو ئامارە، ڕێژەی تەڵاق و جیابوونەوە لە هەولێر لە ساڵی (٢٠١٧) دا (٢٩٨٥) حاڵەت بووە و لە ساڵی (٢٠١٨)دا بووە بە(٣٥٩٨) حاڵەت، مانای وایە (٦١٣) حاڵەت زیادی کردووە، هەروەها لە پارێزگای سلێمانی لە ساڵی (٢٠١٧)دا (١٣٦٠) حاڵەتی جیابوونەوە لە دادگا تۆمار کراوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨)دا ڕێژەکە بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوەو (٤٠٨٥) حاڵەت تۆمار کراوە، ئەمەش مانای وایە (٢٧٢٥) حاڵەت زیادی کردووە، لە پارێزگای دهۆکیش (١٣٨٤) حاڵەت تۆمار کراوە و لە ساڵی (٢٠١٨)دا (١٥٠٩) حاڵەت تۆمار کراوە، واتە (١٢٥) حاڵەت زیادی کردووە.

هاوکات دادگاکانی عێراق لە ساڵی ٢٠١٨دا، نزیکەی ٧٣ هەزار و ٥٦٩ حاڵەتی تەڵاقیان تۆمار کردووە، بەغدای پایتەختیش ریزبەندی یەکەمی لەنێو پارێزگاگانی عێراق تۆمار کردووە، کە ٣٠ هەزار و ٢٨ حاڵەتی جیابوونەوەی تیایدا ڕوویداوە.

ئەحمەد سەفار دادوەری باری کەسێتی لەوبارەیەوە رایگەیاندووە «دادگاکان ڕێژەی بەرزبووەوەیان لە حاڵەتەکانی جیابوونەوە تۆمار کردووە، بەتایبەت لە چارەکی کۆتایی ساڵی ٢٠١٨». ڕوونیشیکردووەتەوە کە هۆکاری سەرەکیی جیابوونەوەکان دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە هۆکارێك و لەنێویاندا گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و کرانەوەی کۆمەڵگە بەسەر سەردەمی پەیوەندیی ئەلیکترۆنی و زۆربوونی ململانێ سیاسییەکان و کاریگەرییەکانیان لەسەر خێزان، ئەم گۆڕانکارییە خێرایەش هەڕەشەیە لە سەر شیرازەی خێزانی و کۆمەڵگە بەسەرجەم بەشەکانی تەمەنەوە.»

بەڕێوەبەری پۆلیسی زاخۆ:

**نازانین هۆکاری کوشتنی باوکی چی بووە، بەڵام ناوی بکوژەکەمان داوەتە هەموو فڕۆکەخانەکان و پۆلیسی شارەکان، دەزانین تا ئێستا لە کوردستانە و بە زووترین کات دەستگیری دەکەین**

مافناسێك:

**هاوسەرەکەی غەدر و تاوانێکی گەورەی بەرامبەر ئەو ئافرەتە کردووە کە چەندین ساڵە لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵی بووە و لە غیابی ئەودا دایکایەتی و بگرە باوکایەتیشی بۆ منداڵەکانی کردووە**

# ئافرەتێک لە تاراوگە هەوڵی کۆکردنەوەی خێزانە پەرتەوازەکەی دەدات



ئافرەتێکی تەمەن ٤٩ ساڵ ساڵانێکی زۆرە لە تاراوگە دەژی و ساڵی ١٩٩٩ هەر لە غەریبی کوڕێکی کوردی ناسیوە و هاوسەرگیرییان کردووە، ئێستا چوار منداڵیان هەیە و کچی گەورەی پەنای بۆ حکومەت بردووە و کچێکی لای باوکی منداڵەکانە و کچێک و کوڕە بچووکەکەشی لای خۆیەتی، ئەو خاتوونە باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی دەکات و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە هەموو هەوڵەکانی لە پێناوی ئەوەدایە خێزانەکەی لەو پەرتەوازییە رزگار بکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

خۆی بە (جوان) دەناسێنێت و وەك باسی کرد، تەمەنی ٤٩ ساڵە و دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکییە و دایکی چوار منداڵە و لەگەڵ هاوسەرەکەشی زۆر ناتەبان و بە جیا دەژین. ئەو خاتوونە بەمجۆرە بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە: «ماوەی ٢٠ ساڵە هاوسەرین، بەڵام بەهۆی رەفتارە خراپەکانی دەرهەق بە من و منداڵەکان، چەند جار شکاتم لە هاوسەرەکەم کردووە، ناچار لەبەر منداڵەکان سکاڵاکەم کێشاوەتەوە، چونکە لێرە ئەگەر حکومەت بزانێ هەڕەشە لەسەر ژیان و دەروونی منداڵەکان هەیە، ئەوا منداڵەکان لە دایك و باوکی دەستێنێ و خۆی بەخێویان دەکات، لە کاتێکدا بە درێژایی ماوەی هاوسەریمان ژیانی خۆم و منداڵەکان لەژێر هەڕەشە و توندوتیژیدا بووە، هەر بە ناچاری قبووڵم کردووە. سێ کچم هەبوو، دەیگوت تۆ کوڕت نییە، بۆیە ئێمە ناتەباین و کێشەمان زۆرە، پاشان زۆری لێکردم تاوەکو رێگە بدەم منداڵی چوارەممان ببێت، دواجار کوڕێکمان بوو، بەڵام ژیانمان هەر وەکو خۆی مایەوە و هیچ شتێك نەگۆڕا، ئێستا من بە تەنیا لەگەڵ منداڵە بچووکەکانم دەژیم، تەنانەت هاوسەرەکەم پارەی منداڵەکانیش کە لە دەوڵەت وەری دەگرێت، بۆ خۆی دەبات و بە ئێمەی نادات، چەندین جار لەگەڵی دانیشتووم و پێم گوتووە با جیا ببینەوە، بەڵام ئەو تەڵاقم نادات، تەنانەت رێگە نادات کاریش بکەم. ئێستاش کچە گەورەکەمان کە ١٨ ساڵی تەواو کردووە، لە دەست باوکی رای کرد و پەنای بۆ حکومەت بردووە، هەروەها باوکی منداڵەکانم بە زۆر کچە تەمەن ١٣ ساڵانەکەمانی لای خۆی هێشتووەتەوە، من و دوو منداڵە بچووکەکەش بە تەنیا دەژین.»

جوان بە نیگەرانییەکی زۆرەوە باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی دەکات و دەڵێت: «کێشەی ئێمەی ژنی کورد لە وڵاتانی دەرەوە ئەوەیە کە زۆربەمان گرێبەستی هاوسەرگیریمان لە دادگای ئەو وڵاتەدا نییە، تەنیا بە مەلا مارە کراوین، بۆیە لە دادگا ناتوانم ئیسپاتی ئەوە بکەم کە ئەو پیاوە بە رەسمی هاوسەرمە و داوای مافی خۆم بکەم، واتا هیچ بەڵگەنامەیەکی یاساییم نییە.» گوتیشی: «لە کوردستان دوای مردنی دایك و باوکم کەسم نەماوە، دوو برام هەیە، ئەوانیش لە ئەورووپان، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە لەگەڵ منداڵەکانم بێمەوە کوردستان و بە یەکجاری لە کوردستان بژیم، هەموو ئاواتم ئەوەیە بتوانم خێزانە پارچەپارچە بووەکەم کۆبکەمەوە.»

رۆژگار موحسین وەك چالاکی مەدەنی و سەرۆکی رێکخراوی رۆژگاری کورد بۆ هاوکاریی مرۆیی، سەبارەت بە گرفتی خانمانی کورد لە تاراوگە هێما بۆ ئەوە دەکات: «لە کۆمەڵگەی ئێمە تاکو ئێستا پابەندین بە دابونەریت و گرتنەبەری رێچکەی کۆن کە هەندێکیان سوودی هەیە بۆ کۆمەڵگەکەمان و هەندێکیشیان زەرەرمەندە و ئەزیەتدانە بۆ ژیان و دەروونی ئافرەتان، وەك و پیاوسالاری و قسە و تانەی خەڵك، بۆیە تا ئێستا زۆربەی ژنی کورد بە تەواوی مافی دەربڕینی بیروڕا و ژیانکردنی خۆی پێ نەدراوە و بەپێچەوانە بەردەوام دەچەوسێنەوە بە دەست نەریتی پیاوسالارییەوە، تاکو ئێستا لێدان و توندوتیژی و کوشتنی ژنان بەردەوامە و رۆژ بە رۆژیش روو لە زیادبوون دەکات.»

ئەو چالاکی مەدەنییە پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «ئافرەتانی کورد لە دەرەوەی وڵاتیش بێبەش نین لە توندوتیژی و سالاربوونی پیاو، لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی رۆژئاوایی لە دژی ئەو ستەمکارییانەن و رێگری لێ دەکەن، بەڵام پەروەردەی سەقەتی هەندێك خێزان وایکردووە، ئافرەت تەنیا گوێڕایەڵ بێت و نابێت لە دەرەوەی ماڵ کاربکات، بەڵکو لە چوارچێوەی ماڵدا تەنیا خزمەتی مێردەکەی بکات و خواردن دروست بکات و منداڵ بەخێو بکات. » هاوکات دەڵێت: «ئەو نەریتە نارەوایە وایکردووە، کچ خاوەن را نەبێت و هەموو شتێك بۆ ئافرەتان قەدەغە بێت، بۆیە پیاو لە هەر کات و هەر شوێنێك بێت، رای خۆی بەسەر ژندا فەرز دەکات و توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام دەدات. زۆربەی کێشەکانی خێزانی لە دەرەوەی وڵاتیش لەسەر توندوتیژییە، لەوێش ئەو پیاوانەی ناخیان نەخۆشە هەوڵی ئازاردانی هاوسەر و منداڵەکانیان دەدەن، بێ ئەوەی کولتوور و نەریتی جوانی ئەوان کە تەژییە لە رێزگرتن کاریان تێ بکات.»

**بە درێژایی ماوەی هاوسەریمان ژیانی خۆم و منداڵەکان لەژێر هەڕەشە و توندوتیژیدا بووە، هەر بە ناچاری قبووڵم کردووە**

**هاوسەرەکەم پارەی منداڵەکانیش کە لە دەوڵەت وەری دەگرێت، بۆ خۆی دەبات و بە ئێمەی نادات**

**کچە گەورەکەمان کە ١٨ ساڵی تەواو کردووە، لە دەست باوکی رای کرد و پەنای بۆ حکومەت بردووە**

**باوکی منداڵەکانم بە زۆر کچە تەمەن ١٣ ساڵانەکەمانی لای خۆی هێشتووەتەوە، من و دوو منداڵە بچووکەکەش بە تەنیا دەژین**